# هونەرمەندان و چوارەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆی مۆنۆدراما



سازدانی فیستیڤاڵ لە هەر بوارێکی هونەری، ئەدەبی، کولتووری. ڕووداوێکی سادە و ئاسان نییە، تەنیا بۆنە و ئاهەنگێکی بێبەها نییە، یان بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو کاریگەریی مێژوویی خۆی هەیە، پرۆسەیەکی نیشتمانییە و لە هەمان کاتدا ڕووی پێشکەوتنی ئەو وڵاتە نیشان دەدات کە فیستیڤاڵەکە سازدەکات .

ئا: کامەران حاجی ئەلیاس

سازدانی فیستیڤاڵ یەکێکە لەو چەکە جیهانییانەی کە دەتواندرێت لە جیهاندا رۆشنبیری و کولتووری وڵاتەکەی پێ بڵاوبکرێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە کۆکردنەوەی رۆشنبیران و هونەرمەندان لەهەموو لایەك دەبێتە هۆی یەکتر ناسین و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونی یەکتری لە هەموو بوارەکان .

بۆ سەرکەوتنی هەر فیستیڤاڵێك لە هەر بوارێکدا پێویستە کەسانی شاراز و پسپۆڕ هەبن، بە جۆرێك ئەو کەسانە لەسەر بنەمای زانستی، پڕۆتۆکۆڵی و بە چەند هەنگاوێك ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن، یەکەم هەنگاویش (ئامانجە)، واتە دەبێ چەند ئامانجێکت هەبێ لە سازدانی فیستیڤاڵ، ئینجا دابینکردنی بودجەیەکی پێویستە بۆ بەڕێوەبەردنی فیستیڤاڵەکە و دیاریکردنی شوێن و کاتی فیستیڤاڵ بە جۆرێك کە بە وردی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، وەك: دەستنیشانکردنی کاتی سازدانی فیستیڤاڵەکە وەکو شەو، رۆژ، وەرز. ئەمانە خاڵی گرنگی سەرکەوتنی فیستیڤاڵن، هاوکات دەبێ ئاگاداری پشووەکانیش بین، چونکە کاریگەریی لەسەر فیستیڤاڵەکە دەبێت، هاوکات دەبێت بزانرێت کە ئەو گرووپ و تیپانەی بانگهێشت دەکرێن لەسەر چ بنمایەك دەستنیشان کراون، لە هەمان کاتدا دەبێ پێوەرێك بۆ ئەو کەسانەش هەبێت کە وەکو میوان بانگهێشت دەکرێن.

لە رۆژانی ٢١-٢٠١٩/٤/٢٥ لە شاری هەولێری پایتەخت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی هونەریی شانۆی هەولێر بە هاوکاریی لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندان، چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێری بۆ شانۆی مۆنۆدراما سازکرد، کە چەندین تیپی شانۆیی لە کوردستان و عێراق و دەروەی عێراق تیایدا بەشدار بوون، وەکو: وڵاتانی (میسر، لوبنان، مەغریب) هەروەها شارەکانی (ورمێ، بەغدا، بابل، مەهاباد، سلێمانی، دهۆك، هەولێر) پاشان بە دابەشکردنی خەڵات کۆتایی بە فێستیڤاڵەکە هات، کە بەم شێوەی خوارە بوو:

-خەڵاتی رەخنەگران بەخشرا بە نمایشی (لە چەشنی ئاو دەڕژێم) کە لە دەرهێنانی هونەرمەند مەهدی حەسەن و بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتیی هونەریی شانۆی هەولێر بوو..

خەڵاتی دادوەرانی فیستیڤاڵ بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١ _ خەڵاتی باشترین ئەکتەری کوڕ بۆ هونەرمەند (رەسوڵ بانگین) لە شانۆیی (بەیەك دەگەینەوە) کە بەرهەمی گرووپی شانۆیی (تەختەڕەش)بوو لە شاری ورمێ .

٢ _ خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ بۆ خاتوو (سەما ئیبراهیم) لە شانۆیی (ئاناکارمن) کە بەرهەمی وڵاتی میسر بوو.

٣ -خەڵاتی باشترین دەقی شانۆ بە هاوبەشی بۆ هەردوو شانۆیی (سورەییا) کە لە نووسینی (هەڵکەفت ئیدریس عابد) لە شاری دهۆك و (لە چەشنی ئاو دەڕژێم) لە دەرهێنانی مەهدی حەسەن لە شاری هەولێر بوو.

٤ - خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بۆ شانۆیی (مردنی تا هەتایی) کە بە دەرهێنەر «جیزیل خوری» لە وڵاتی لوبنان بەخشرا .

٥ -خەڵاتی باشترین نمایش بە شانۆی (مردنی تا هەتایی) بەخشرا کە هی وڵاتی لوبنان بوو.

شایانی باسە لیژنەی دادوەرانی فیستیڤاڵ لە هەریەك لە (د.کەریم عەبود، یونس عوسمان، پێشڕەو حەسەن، د.ئیکرام ئەشقەر، موەفەق روشدی) پێکهاتبوون.

لیژنەی رەخنەو لێکۆڵینەوەی فیستیڤاڵیش لە (حەمەسوار عەزیز، د.عەبەد ئەلمهنا، د. جەبار خەتات، د. سافرە ناجی، د.حسێن عەلی عارف، شکۆ عومەر، کامەران حاجی ئەلیاس، یوسف عوسمان) پێکهاتبوون.

ئێمەش لە نزیکەوە را و سەرنجی چەند هونەرمەندێکمان لەسەر فیستیڤاڵەکە وەرگرتووە کە بەمجۆرە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتنەئاخافتن.

د. عەبدولڕەحمان ئەلتەمیمی مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا: «چوارەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆی مۆنۆدراما کەرانەڤاڵێکی هونەریی گەورەی مەعریفی بوو، لە نێو جوانیی هەولێر، من لەو بڕوایەم کە ئەم ڤیستڤاڵە ئامانجی خۆی پێکابێت، چونکە کۆمەڵێ کاری نایاب و جوانمان بینی، سڵاو و رێز بۆ رێکخەرانی فیستیڤاڵ، بۆ بەڕێز هیوا سوعاد سەرۆکی فیستیڤاڵ و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەورلێر».

هونەرمەند رەسووڵ بانگین لە رۆژهەڵاتی کوردستان: «زۆر خۆشحاڵم کە ئامادەی ئەو فیستیڤاڵەم، من بە شانۆیی (بەیەك دەگەینەوە) بەشداربووم، زۆر خۆشحاڵترم کە خەڵاتی باشترین ئەکتەرم وەرگرت، سەبارەت بە فیستیڤاڵەکە، گومانی تێدا نییە ئەنجامدانی ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە سوودی زۆرە، چونکە شانۆ هۆکارێکە بۆ بەرجەستەکردنی بیری مرۆڤایەتی».

هونەرمەند خەرمان هیرانی: «هەوڵدانێکی زۆر باشە کە ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە بکرێن، هەست دەکەم فیستیڤاڵەکە ئەگەر لە ئاستی وڵاتانی ئەورووپاش نەبێت، بێگومان لە ئاستی وڵاتانی عەرەبیدایە،





بەرنامەڕێژییەکی باش بۆ فیستیڤاڵەکە کرابوو، نمایشی جوانمان بینی، لە هەمووی گرنگتر بوونی ئەو کۆڕە شانۆیانە بوو کە لە دوای هەرنمایشێك ئەنجام دەدرا، کۆمەڵێك جووڵەی جوان و ئەکتەری بەتوانامان بینی، بۆیە فیستیڤاڵێکی دڵخۆشکەر بوو، دادوەرەکانیش لە هەڵسەنگاندنەکەیاندا تا رادەیەکی باش دادوەرانە بوون، لەم حاڵاتانەش لە هەموو فیستیڤاڵێکدا لە دوای راگەیاندنی ئەنجامەکان قسەو گلەیی هەر دەبێت.»

هاشم ئەلدفاعی سەرۆکی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا: «چوارەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆشانۆی مۆنۆدراما وێستگەیەکی جوانی هونەری بوو، چونکە چەندین نمایشی جوانمان بینی و ئاڵگۆڕکردنی ئەزموونەکانیش وێستگەیەکی دیکەی ئەم فیستیڤاڵە بوو.»

هونەرمەندی رۆژ هەڵاتی کوردستان سامان پەیرەوی ئیسلام: «فیستیڤاڵێکی بەهێز بوو، ئەگەرچی ئێمە دوو تیپ لە رۆژ هەڵاتی کوردستان بەشداربووین، بەڵام پێمان باش بوو تیپە شانۆییەکانی دیکەی وەکو شارەکانی سەقز، بۆکان، سنە، ئیلام و...هتد بەشداربوونایە لەم فیستیڤاڵە، کۆمەڵێك پسپۆڕی شانۆیی بەهێز بەشدار بوون کە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بوون، لە دوای هەر نمایشێك گفتۆگۆ لەسەر نمایشەکان دەکرا، ئاستی نمایشەکان زۆر باش بوون و مەرجیش نییە هەموویان لەیەك ئاست بن، ئەوەش سرووشتی هەر فیستیڤاڵێکە، هەموو هونەرمەندێکیش سەبارەت بە کارەکەی چاوی لە خەڵاتە، بۆ من کە بە شانۆگەری (نارین) بەشداربووم، پێشوازیی گەرمی بینەران لە دوای نمایشەکە لەلای من گەورەترین خەڵات بوو، لە کۆتاییدا هیودارم ئەو فیستیڤاڵانە هەر بەردەوام بێت».

هونەرمەند عەلی ئەحمەد: «فیستیڤاڵەکە چ لە رووی تەکنیکی چ لە رووی نمایشەوە زۆر بە رێکوپێکی بەڕێوەچوو، جیاوازیی ئەم فیستیڤاڵە لەگەڵ فیستیڤاڵەکانی رابردووە ئەوەیە کە ئەم ساڵ نمایشی جوانترمان بینی، جگە لەمەش بەشداریی وڵاتانی عەرەبی فیستیڤاڵەکەی سەرکەوتووتر کرد، بەتایبەتی وڵاتێکی وەکو میسر کە بە دایکی جیهان ناسراوە، بۆیە دەستخۆشی لە سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کە بوونەتە هۆی سازدانی ئەو فیستیڤاڵە».

هونەرمەند کامەران رەئوف: «ئەم فیستیڤاڵە گرنگییەکی زۆر زۆری هەیە و پێشوازییەکی زۆری لێکرا، چونکە چەندین میوان لە دەرەوە بانگهێشت کرابوون، ئەم جۆرە ئەم فیستیڤاڵانە وادەکات ئەدب و فەرهەنگ و کولتووری گەلان بە یەکتر ئاشنا بن، ئەوانیش ئاشنا دەبن بەوەی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ لەو بوارەدا ئەسپی خۆی تاو بدات، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئێمەمانان لە رێگەی ئەو فیستیڤاڵانەوە وتاری شانۆیی وڵاتان دەزانین، لە هەمان کاتدا ئاشنا دەبین بە ئاستی شانۆیی ئەو وڵاتانە، هەستیش دەکەم فیستیڤاڵی ئەمساڵ بەرەوپێشچوونی بەخۆوەبینیوە، بەڵام پێوستە بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی هونەرمەندی جیهانی و تیپی زۆرتر تێیدا بەشداری بکەن».

هونەرمەند تووران ئیزناك لە رۆژهەڵاتی کوردستان: «سازکردنی فیستیڤاڵ کارێکی گرنگ و پێویستە، من ئەم فیستیڤاڵەم بە فیستیڤاڵێکی زۆر بەهێز بینی، ئەزموونێکی زۆر باش بوو بۆ ئێمەمانان، فەرهەنگ و کولتووری وڵاتانی بەشداربووی فیستیڤاڵم بینی و ئاڵوگۆڕکردنی







بیروڕاکان بوو، ئاشنایەتی باشی هونەریم لە ڕێگەی نمایشەکاندا پەیدا کرد، خاڵێکی دیکەش ئەوە بوو کە فیستیڤاڵەکە زۆر بە باشی ڕێکخرابوو، بۆیە دەستخۆشی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەکەم و هیوای بەردەوامییان بۆ دەخوازم، سوپاسگوزارییان دەکەم».

سەربارەت بە ئامادەبوونی بینەرانیش لە نمایشەکان خاتو تووران ئیزناك گوتی: «ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لەلای من ئامادەبوونی ئەو بینەرە زۆرە بوو لە نمایشەکان، وەکو زانراوە شانۆی مۆنۆدراما بۆ بینەر کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەکتەر نواندن دەکات، بەڵام بینەران زۆر بەپەرۆشەوە ئامادەی نمایشەکان دەبوون، ئەگەرچی هەندێ نمایش هەبوو ماوەکەی زۆر درێژ بوو، بەڵام بینەران هەرگیز وەڕز نەدەبوون، ئەوەش واتا بینەری شانۆ بینەرێکی هۆشیارە و حەزی لە شانۆیە، ئەوەش بۆ من مایەی خۆشحاڵی بوو.»

هونەرمەند بەکر مەعروف: «سەرەتا من دەستخۆشی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتیی هونەریی شانۆ دەکەم، کە ساڵانە چەندین فیستیڤاڵی شانۆیی ئەنجام دەدەن و هونەرمەندان لە ژێر چەتری ئەم فیستیڤاڵە کۆدەبنەوە، بۆیە من بە جەژنێکی هونەرمەندانی دەزانم، نابێ ئەوەش لە یاد بکەین، سازدانی فیستیڤاڵ کارێکی ئاسان نییە، بۆیە دەستخۆشییان لێدەکەم، من پێشنارێکم بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری هەیە کە بریتییە لەوەی گرنگیی زیاتر بە تیپە شانۆییەکان بدرێت و بودجەیان بۆ بگەڕێتەوە کە ماوەی چەند ساڵە بودجەکە بڕاوە، دەرگایان داخروە و ناتوانن کاری شانۆیی بکەن، هیوادارم لە کابینەی نوێ زیاتر گرنگی بە تیپە هونەرییەکان بدرێت و بایەخ بە هەموو بوارەکانی دیکەش بدرێت».

هونەرمەند هێرۆ جەواد: «من دەستخۆشیی تەواو لەم فیستیڤاڵە و لە هەموو فیستیڤاڵاکانی دیکەش دەکەم کە لە هەر شار و شارۆچکەیەك سازدەکرێت، بێگومان بوونی پێشبڕکێ لە نێوان ئەکتەرەکان کارێکی سرووشتییە و هیوای بەردەوامی بۆ فیستیڤاڵەکە دەخوازم».

هونەرمەند قاسم نوری: «سەرەڕای ئەو قەیرانەی کە لە ماوەی چوار ساڵە رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ توانیویەتی بەردەوامی بەو فیستیڤاڵە بدات، ئەمەش دیاردەیەکی گەورەی شارستانییە کە چەندین تیپی شانۆیی جیهانی بەشداری ئەو فیستیڤاڵەن، لە ماوەی پێنج ڕۆژدا چەندین کاری جوان و ستایلی جوانمان بینی، ئەوەی جێگای سەرنجە لە دوای هەر نمایشێك کۆڕشانۆیی بۆ نمایشکە دەکرێت، کە زۆر بەسوودە و تا راددەیەك چەمکی شانۆی مۆنۆدراما لەلامان روونتر بووەوە».

شانۆکار (ئاهون مەحمودی ئازر) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: «ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام، بوونی ئەو کۆڕە ڕەخنەییانە بوو کە لە دوای نمایشەکان دەکرا، بە جۆرێك بۆ هەر نمایشێك کەسێکی پسپۆڕ قسەی لەسەر شانۆیەکە دەکرد، بۆیە هەم بۆ بینەران و هەم بۆ خودی دەرهێنەر و ئەکتەرەکانیش زۆر بەسوود بوون، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لەم کۆڕەدا هەمووان ئازادانە راوسەرنجی خۆیان دەخستەڕوو، دەستخۆشی لە ڕێکخەرانی ئەم فیستیڤاڵە دەکەم.»





## حەلا تەلاقیش درا



## ئاسلی وئۆزگان گوێ بە رەخنە نادەن

دوای سەرکەوتنی زەنجیرە درامای (بوکی ئەستەنبوڵ) هەریەکە لە ئۆزگان دینیز و ئاسلی ئانفری پاڵەوانی زنجیرەی ناوبراو رایانگەیاند کە ئاهەنگێك لە ئیسرائیل ساز دەکەن، ئەمەش وایکرد کە رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر ببنەوە، بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەگەرچی بەشێك لە هەوادارانیانیشیان رەخنەیان لێ گرتبوون بۆ سازکردنی ئەم ئاهەنگە، بەڵام گوێیان بە رەخنەکان نەدا و بڕیاریان دا ئاهەنگەکە ساز بکەن کە یەکێك بوو لە ئاهەنگە سەرکەوتووەکان و جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بوون، بەر لە دەستپێکردنی ئاهەنگەکە ئۆزگان وتی: «ئەوەی سیاسییەکان نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، ئێمە ئەنجامامان دا، هونەر سەرکەوتنە، سوپاسی هەمووتان دەکەم، هیوادارم هونەر زیاتر یەکمان بخات».

دوای سەرکەوتنی ئاهەنگەکە هێرشی سەر ئۆزگان و ئاسلی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام بوو، تەنانەت بەشێك لە چالاکان داوایان کرد کە پێویستە بایکۆتی کارە هونەرییەکانی ئەم دوو هونەرمەندە بکەن.

نرخی بلیتی ئاهەنگەکە گەیشتە (٣٠٠) دۆلار و گشت بلیتەکان ماوەیەك بەر لە ئاهەنگەکە فرۆشرابوون، لە ئەنجامدا ئۆزگار بڕی یەك ملیۆن دۆلاری دەستکەوت و ئاسلیش بڕی (٣٥٠) هەزار دۆلاری دەستکەوت.

شایەنی باسە بەر لە ماوەیەك میدیاکانی تورکیا رایانگەیاند کە ئاسلی تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن بۆتەوە کە بە (دسلکسیا) ناسراوە و دەبێتە هۆی لاوازی و نەبوونی توانای خوێندنەوە و نووسین و لەبەرکردنی بابەتەکان. ئاسلی هەرچەندە بۆ رزگاربوون لەو نەخۆشییە پشتی بە چەند پزیشکێکی تایبەت بەست، بەڵام تا ئێستاش بە تەواوی چاك نەبۆتەوە و بە زەحمەت دەتوانێت ئەو دەقانە لەبەر بکات کە پێی دەسپێردرێت.

بەر لە ١٢ ساڵ خانمە ئەکتەری میسری (حەلا شێحە) وازهێنانی خۆی لە کاری ئەکتەری ڕاگەیاند و بڕیاریدا حیجابیش بپۆشێت، ئەو کات بڕیاری وازهێنانی بووە مایەی نیگەرانیی جەماوەر و ژمارەیەك لە بەرهەمهێنەر و دەرهێنەران، چونکە یەکێك بوو لە ئەکتەرە سەرکەتووەکان.

حەلا شێخە، لە مانگی ئابی ڕابردوو بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڕیاری دا دووبارە بگەڕێتەوە نێو بواری هونەر و لە هەمان کاتدا بڕیاری دا کە چیتر حیجاب نەپۆشێت، ئەمەش دیسان مایەی شۆکی جەماوەرەکەی بوو، بەڵام حەلا هەر بەمە نەوەستا، بەڵکو بەر لە ماوەیەك لە چەند لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە ڕاستەوخۆ دوای بڕیاری گەڕانەوەی بۆ نێو بواری هونەر، لە هاوسەرەکەشی جیا بۆتەوە و ئێستا وڵاتی کەنەدای جێهێشتووە و لە میسر دەژی.

حەلا دووپاتی کردۆتەوە کە سەرەڕای جیابوونەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی کە موسڵمانێکە بە ڕەگەزنامەی کەنەدی، بەڵام پەیوەندییەکی ڕێزگرتن لە نێوانیاندا هەیە، چونکە باوکی منداڵەکانیەتی، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەگەڵ کۆنە هاوسەرەکەی وا ڕێککەوتوون کە چوار منداڵەکانیان دابەش بکەن، بە جۆرێك دوو کچە گەورەکەی لە کەنەدا لەگەڵ باوکیان ماونەتەوە و کوڕ و کچکە بچووکەکەشی لەگەڵ دایکیان هاتوون و لە میسر دەژین.

دوای گەڕانەوەی حەلا شێخە شانبەشانی ژمارەیەك ئەستێرەی دیکە وەك ماجد میسری، محەمەد ڕەمەزان خۆی بۆ بەشداریکردن لە یەکەم کاری هونەری بەناوی (زلزال) ئامادە دەکات.



# سوارا داوای لێبوردن دەکات

لە میانەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی وڵاتی هیندستان، بەشێك لە موسڵمانەکانی ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی مامەڵەی خراپ و توند بوونەوە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە موسڵمانەکان تێیدا کەمینەن لەلایەن بەشێك لە هندۆسە توندڕەوەکان ئاستەنگی زۆریان بۆ درووستکردن.

بەم بۆنەیەوە خانمە ئەستێرەی ناسراوی هیندستان سوارا کە بەوە ناسراوە هەمیشە هەوڵ دەدات بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە گرژییەك بەتایبەتی لە نێوان هیندستان و پاکستان، لەسەر ئەکاوەنتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر داوای لێبووردنی لە موسڵمانانی هیندستان کرد، لەم بارەوە نووسیویەتی: «حەز دەکەم کە داوای لێبوردن لە موسڵمانانی هیندستان بکەم، بە هۆی ئەو هێرشە بەردەوام و ڕەفتارە ڕەگەزپەرستییانەی کە لە کاتی هەڵبژاردنەکان ڕووبەڕوویان بۆوە، ئەمە وڵاتی ئێوەیە، بێدەنگ مەبن و داوای دووبارەنەبوونەوە و کۆتاییهێنان بەم ڕەفتارە قێزەوەنانە بکەن.»

ئەم هەڵوێستەی سوارا کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، بەشێکیان پشتگیری تەواو، یان دەستخۆشییان لێی کرد، بەڵام بەشێکی دیکەیان ڕەخنەیەکی زۆریان لێ گرت و هێرشێکی زۆر توندیان کردەسەری، تەنانەت گەیشتە ئاستی قسەی ناشیرین، سوارا لەلایەن خۆیەوە وەڵامی ڕەخنەکانی نەدایەوە و لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر نووسی: «پێویستە هونەرمەندان تێکەڵی سیاسەت نەکرێن، زۆر جار کەسانێك هەن کە هەست بە ترس دەکەن و بۆ ڕەخنە و دەستەواژەکانی ڕق و کینە لە کەسانی دیکە هەستیارترن، پێموانییە هیچ کەسێك هەستێکی خۆشی هەبێت کاتێك بەیانی لە خەو هەڵدەستێت ڕووبەڕووی شەپۆلێکی ڕق و دەستەواژەی نەرێنی بوویێتەوە.»

سوارا هەروەها دەڵێ: «من خۆم بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆم هەیە، هەندێك شت هەیە کە لە دەرەوەی بۆلیوۆد گرنگییان پێ دەدەم، زۆریش بێزار دەبم کاتێك دەبینم شتێکی هەڵە ڕوودەدات کە پێچەوانەی قەناعەتی من بێت.»